DOI:https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.16

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دەنگی [هـ] وەك دەنگ و وات و پیت لە زمان و ئەلفوبێ و نووسینی کوردیی دا

پ. هۆگر مەحموود فەرەج
زانکۆی سلێمانی

م. ی. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید
زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئـەم لێکۆڵینـە تایبەتـە بـە دەنـگ و وات (١)و پیتی(هـ)لـە زمانـی کوردیـی دا. لـەو سـۆنگەیەوە لـە هەبوونـی پـتر لـە ئەلفوبێیـەك بـۆ نووسـینی کوردیـی، هـاوکات لـە ئامـاژە مێژووییەکانـی هەبوونـی ئەلفوبێـی کوردیـی، بەپێـی ڕێبـازی پەسـنیی شـیکاریی، کۆڵینـەوە و دووان بـۆ ئـەم بابەتـە کـراوە.

دواتـر، لـە تێداچـوون و گۆڕانـی دەنگـی [هــ] بـە دەنگـی دی لـە وشـەی کوردیـی دا شرۆڤـە هەیـە، هـەروەك لە(هــ) وەك هـۆکاری جیاوازیـی لـە نێـوان زار و گۆڤەرەکانـی کوردیـی دا نموونـە خراوەتـەڕوو. زیاتـر لەوەیـش، ئەگـەر دەنگـی [هــ] لـە زارێـك یـان گۆڤەرێکـدا تێداچوویێـت یاخـود گۆڕابێـت بـە دەنگـی تر، ئـەوا بـە گێڕانەوەی دەنگـە ڕەسـەنەکە، نزیکبوونـەوە لـە نێـوان زار و گۆڤەرەکانـدا دەهێنرێتـە ئـاراوە، ئەمـەش بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان ڕۆڵـی لـە چەسـپاندنی سـتانداردی زمانـی کوردیـی دا دەبێـت.

هـاوکات شرۆڤـە و بوچـوون هەیـە لەسـەر (هــێ) وەك پیـت، بەپێـی شـوێنی لـە وشـەدا شـێوەی جیـاواز، واتـە ئەلۆگرافی جیاوازییـی هـەن. جـا پیتی(هــ) لەسـەرەتا و ناوەڕاستی وشـەدا کێشـەی نییـە، بـەڵام لـە کۆتایی وشـەدا تائێسـتا لـە ئەلفوبێـی بنەچـە ئارامیـی دا ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەو ئەلۆگرافـە نییـە، بۆیـە پشـنیازی تایبـەت بـەو لایەنـەوە کـراوە، تاوەکـو لـە خوێندنـەوەی ئـەو وشـانەدا گرفـت دروسـتنەبێت.

لێکۆڵینەکـە لـە یـەك بـەش و چەنـد پـار و تەوەرێـك دا خراوەتـە ڕوو. دواتـر کورتەیـەك بـە زمانـی عەرەبیـی و ئینگلیزیـی پێشکێشـکراوە، لەکۆتاییشـدا لیسـتی سـەرچاوەکان خراوەتـەڕوو.

**کلیلە وشەکان: دەنگی وات، ئەلفوبێی کوردیی، ستاندەری نووسین، ئەلۆگرافیی، گۆڤەرە کوردییەکان**

١ لەم لێکۆڵینەدا، مەبەستمان لە زاراوەی(وات) فۆنیمە، کە بە عەرەبیی بە(صوتیم) ناودەبرێت. -(١)

Recieved: 4/10/2021
Accepted: 2/11/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

پاری یەکەم/

## ئەلفوبێی کوردیی و، ئاماژە مێژوویییەکان و، هۆکاری هەبوونی چەند ئەلفوبێیەك:

ئاشکرایە، کە لە ئێستای نووسینی کوردیی دا، دوو جۆر ئەلفوبێ لەکاردان. یەکەمیان ئەلفوبێی بنچە ئارامیی و دووهەمیان ئەلفوبێی بنچە لاتینییە. تەنانەت ئەو کوردانەی لە بندەستی یەکێتیی سۆڤێتی جاراندا بوون، چەند جارێك ئەلفوبێیان گۆڕراوە و بەیەك ئەلفوبێ نووسینیان بەردەوام نەبووە. دیارە هۆکاری نەبوونی یەك ئەلفوبێی یەکگرتووی سەراتاسەریی بۆ نووسینی کوردیی چییە، پێویست بە بەدواداچوون ناکات. خۆ ئەگەر لەلایەنی مێژووەوە، باس لە بوون و نەبوونی ئەلفوبێ و نووسینی کوردیی بکرێت، ئەوا ئاماژەیەکی گرنگ بۆ هەبوونی ئەلفوبێی کوردیی و نووسینی کوردیی لە پێش زایین دا هەیە،سەرچاوەکانی (٢) ، (٣)( جەختی ئەوە دەکەن، کە کتێبی زۆری پێنووسراوە، تەنانەت ئەوەش دەڵێت، کە ژمارەیەکی بەرچاویش لەو کتێبانە تاوەکو ساڵی (٢٤١)ی کۆچیی، کە نزیکەی (١٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەکات، بوونیان هەبووە، ئەگەرچی ئەوەش دەڵێت، کە لە گۆڕستانێکی بەغدادا دۆزراونەتەوە. بێگومان تەنیا ئەم ئاماژەیە، کە دەڵێت لە گۆڕستاندا دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخات، کە نەتوانراوە بە ئاسایی و ئازادانە لە ماڵان و کتێبخانەکاندا بپارێزرێن.

ئەو سەرچاوەیەی ئەم زانیارییانەی بە ئێستا گەیاندووە، کتێبێکی بەعەرەبیی نووسراوی «ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری وەحشییەی نەبەتی)یە، کە بەناونیشانی «شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام»ە. لەو کتێبەدا ((نووسەر دەڵێت کورد لەپێش زایین دا ئەلفوبێی هەبووە، تەنانەت کتێبی زۆریشی پێنووسراوە)). (٢) هاوکات باس لەوە دەکات، کە لە رۆژگاری ئەودا (٣٠) لەو کتێبانە لە گۆڕستانێکی بەغدا دۆزراونەتەوە، کە یەکێکیان تایبەت بووە بە چۆنێتیی گەڕان بە دوای ئاوی ژێر زەویی دا. یەکێکیشیان تایبەت بووە بە چۆنێتیی ڕواندن و پەروەردەکردنی دارخورما (٣).

بێگومان ئەمەی دووهەمیان، خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی گرنگ لەخۆدەگرێت، ئەویش ئەوەیە، کە ژینگەی کورد، تەنیا ئەمەی ئێستا نەبووە، بەڵکو زۆر ناوچەی تری لەخۆگرتووە، چونکە دارخورما ژینگەی خۆی هەیە. کاتێکیش بە زمانی کوردیی سەبارەت بەو درەختە بنووسرێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە درەختی ژینگەی کورد بووە. هەرچەندە هەتا ئێستاش لە هێندێك ناوچەی کوردستان دا دارخورما هەیە. ئەو زانیارییانە لەبەر دوو هۆ گومانیان لێناکرێت، چونکە یەکەم: ئیبن وەحشییە خۆی کورد نەبووە، دووهەم: کتێبەکە بە عەرەبیی نووسراوە و بۆ عەرەبییزمان نووسراوە، نەك کورد.

ئەو نووسەرە یەکێك بووە لەو زمانزانانەی لە رۆژگاری دەوڵەتی خەلافەت دا رۆڵی لە بواری وەرگێڕاندا بۆ عەرەبیی لە زمانانی ترەوە، هەبووە. کەواتە زانیارییەکانی کتێبی ناوبراو، ئاماژەیەکی گرنگی مێژوویییە، کە نکووڵییان لێناکرێت. جا ئەگەر کەسانێك بڵێن: ئەی ئەو ئاسەوارانە بۆ نەگەیشتوونەتە دەست رۆڵەکانی ئەم رۆژگارە؟ ئەوا لەوەڵامدا دەڵێین: لەبەرئەوەی هەر داگیرکەرێك هاتبێت، هەوڵیداوە زمان و کەلتووری ناوچەکە بسڕێتەوە. تەنانەت ئینگلیزەکان کاتێك سلێمانی داگیردەکەن، (٤٠٠) دەستنووسی گرنگی کتێبخانەی مزگەوتی

---

٢- پ. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ١٩٨٦، لا (٢٠).        (٤)

٣ أحمد بن علي بن وحشية النبطي، شوق المستهام فى معرفه رموز الاقلام، باب الثامن ، ٢٠٠٨، ص (٢٠٢-٢٠٤)،  -(٥)

گەورە جودا دەکەنەوە و لە حەوشەکەیدا دەیسووتێنن. ئەوە لەکاتێکدا ئینگلیزەکان خۆیان بە نەتەوەیەکی رۆشنبیر و پێشکەوتوو و شارستانیی رێزگرتوو لە تایبەتمەندییەکانی گەلانی تر دادەنا.

## - دەنگ و واتەکانی تایبەت بە زمانی کوردیی:

سەبارەت بە زمان، بە تایبەت لە لایەنی دەنگییەوە، ئەوا سەرجەم زمانەکانی جیهان لەنێوان (١١- ٦٧) وات (فۆنێم) بەکاردەبەن.(٤) واتە هەر زمانێك ژمارەیەك دەنگ و وات (فۆنیم)ی تایبەت بەخۆی هەن، کە لە رێگەیانەوە سەرجەم وشە و دەستەواژە و رستە و ئاخاوتنەکانی پێ جێبەجێ دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە مەبەست لە وات (فۆنیم) ئەو دەنگە بنجییانەی هەر زمانێکن، کە خۆیان واتایان نییە، بەڵام لە وشەدا دەبنە هۆی گۆڕینی واتا، ئەگەر بە دەنگی تر بگۆڕرێن.(٥)(٦) دیارە ئەمە بۆ سەرجەم زمانەکان، یاسایەکی گشتییە. بێگومان بۆ زمانی کوردییش هەر بەو چەشنەیە و کوردیی ژمارەیەك دەنگ و وات (فۆنێم)ی هەن، ئەگەرچیی هەتا ئێستاش بۆچوونی جودا سەبارەت بە ژمارەیان هەن، بەڵام دەتوانین بڵێین، کە وەك وات (فۆنێم) ٣٦ واتمان هەن، هاوکات چەند دەنگێکیش لە زمانەکەدا لە ئارادان، کە وات نین، یاخود نەبوون بە وات. واتە ئەو دەنگانە واتا ناگۆڕن، ئەگەرچی لە ئاخاوتندا دەبیسترێن و هەن.

دیارە واتەکانیش بەپێی هەبوون و نەبوونی لەرەی ژێدەنگەکان، دەبن بە دوو چەشنەوە، کە دەنگە گڕەکان و دەنگە کپەکانن، بێگومان دەنگی گڕ بەو دەنگانە دەوترێن، کە لە درکاندنیاندا ژێدەنگەکان دەکەونە لەرە. هەرچی کپەکانن لەرەی ژێدەنگیان لەگەڵدا نییە. لەناو ئەو ٣٦ واتەی زمانی کوردیی دا، هەشتیان لەوانەن، کە بە بزوێن (vowel) ناودەبرێن، ئەمانە بە سرووشتی خۆیان گڕن، واتە لەرەی ژێدەنگ لەکاتی گۆکردنیاندا لە ئارادایە.

٢٨ دەنگی ترمان هەن، کە بە نەبزوێن (Consonant) ناودەبرێت، بەڵام لەناو نەبزوێنەکانیشدا دیسان دەنگی گڕ و کپ هەن. واتە لە ڕووانگەی لەرەی ژێدەنگەوە، یەك چەشن نین. کەواتە هەر بزوێنەکان گڕ نین، بەڵکو ژمارەیەك دەنگی نەبزوێنیش گڕن و ژێدەنگەکان لە گۆکردنیاندا بە لەرە دێن.

دەتوانرێت بەشێوەیەك دەنگی بزوێن لە نەبزوێن جودابکرێتەوە، کە ئەمان لە دەمی گۆکردنیاندا بەربەست بۆ ئەو هەوایە، کە لە سییەکانەوە بە گەرووودا بەرەو ناودەم و دەرەوە دێت، دروستناکرێت. دیارە بۆ نەبزوێنەکان بەو چەشنە نییە، چونکە لە گەرووەوە هەتا دەگاتە لچ و لێو، لە چەندان جێگەدا بەیاریدەی زمان و لچ و لێو بەربەست بۆ هەواکە دروستدەکرێت، هەروەك چۆن شمشاڵژەن پەنجەکانی بۆ سەر کونەکانی شمشاڵ دەگوێزێتەوە، تاوەکو دەنگی جودا لە شمشاڵەکە بەرزبکاتەوە، زمان و لچ و لێو و ناودەمی مرۆڤیش بەوچەشنەیە.

## - «هێ» چ وەك «دەنگ» و چ وەك «وات»:

---

٤ (٦)- بڕوانە: پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، هەولێر- ١٩٩٠، لا (١٤).

٥- بڕوانە: غازی فاتیح وەیس، فۆنەتیک، ١٩٨٤، لا (٤١). (٧)

٦ (٨) - هەروەها بڕوانە: پ. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا-١٩٧٦، لا(٨١).

لەناو دەنگە نەبزوێنەکاندا، دەنگی [هـ] مان هەیە، کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەیە. ئەم دەنگە لە زمانی کوردیی دا وات (فۆنێم)ە. لەلایەنی فۆنەتیکەوە، دەنگی [هـ] سازگەکەی لە چاڵایی گەرووداپە. لە ئێستای زمانی کوردیی دا، دەنگی [هـ] لە سەرەتا و ناوەندی وشەی کوردیی دا دەنگێکی بەرچاوە، بەڵام بەگشتیی لە ئاست دەنگەکانی تردا نییە، چونکە تەنانەت لەم دوو جێگەیەشدا، لە چەندان وشەدا بە دەنگی تر دەگۆڕرێت، یاخود تێدادەچێت، وەك وشەکانی: هورد > ورد، هورچ > ورچ، مرهیشك > مریشك، هیشك > وشك...هتد.

واتە لە ئێستادا دەنگێکی زۆر چالاك نییە. لە کۆتایی وشەدا بەو چەشنەش لە ئارادا نییە و بگرە ناچالاکیشە. واتە ئەگەر بە فەرهەنگی ئێستای زمانی کوردیی دا بگەڕێین، ئەوا لە کەمترین ئاستدا، ئەگەر نەڵێین دەگمەن، ئەوا وشەی کۆتاییهاتوو بە دەنگی [هـ] بەرچاو ناکەون، لەوانەش وشەکانی: گوناهـ، شاهـ، ئاهـ ...هتد.

جا بۆئەوەی لە واتییەتیی دەنگی [هـ] لە زمانی کوردیی دا دڵنیابین، ئەوا دەبێت چەند وشەیەك بهێنین، کە لە پێکهاتەی دەنگییاندا دەنگی [هـ] هەبێت، لە هەر شوێنێکی وشەکەدا، واتە سەرەتا یاخود ناوەڕاست یان کۆتایی. ئەو کاتە ئەگەر وشەکە لە دوو یان سێ یاخود پتر لە دەنگ پێکهاتبوو، ئەوا وشەی تری پێکهاتوو بەو ژمارەیە لە دەنگ دەهێنین، هەرکات بە گۆڕینی دەنگی [هـ] یاخود دەنگە هاوشوێنەکانی دەنگی [هـ] یەکە، گۆڕانکاریمان کرد، گەر واتای وشەکان گۆڕران، ئەوا لە واتییەتیی ئەو دەنگانە بە دەنگی [هـ]یشەوە، دڵنییا دەبین، بۆ نموونە وشەکانی:

هەور

بەور

چەور

تەور

لەم وشانەدا، ئەگەر تەنیا دەنگی سەرەتایان بە دەنگەکانی تر بگۆڕین، ئەوا واتای وشەکان دەگۆڕرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین دەنگەکانی [هـ] و [ب] و [چ] و [ت] لە زمانی کوردیی دا «وات»ن، چونکە واتا دەگۆڕن. هەر بەو پێودانگەش وشەی (هێز) ئەگەر دەنگی [هـ] ی تێدا بە دەنگەکانی [پ] و [ڕ] و [م] بگۆڕین، ئەوا وشەکانی: پێز، ڕێز، مێز، دروستدەبن. واتە بە گۆڕینی دەنگی [هـ] بە دەنگەکانی تر، واتایەکی نوێ دێتە ئاراوە، کە ئەمەش واتێتیی ئەو دەنگانە دەردەخات.

خۆ ئەگەر وشەگەلێکمان هێنا، کە دەنگی [هـ] یان لە ناوەڕاستدا بوو، ئەو کاتە لەگەڵ چەند وشەیەکی تر، کە لە هەمان ژمارەی دەنگ پێکهاتبن، وەك: بەهێ، بەجێ، بەڵێ... لەم وشانەدا، کە هەریەکەیان لە چوار دەنگ پێکهاتوون، تەنیا بە گۆڕینی دەنگی سێهەم، کە [هـ] یە، بە دەنگەکانی [ج] و [ڵ]، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەرسێکیان واتن، چونکە تەنیا بەگۆڕینی دەنگی سێهەمیان واتای وشەکانی گۆڕران.

سروشتی دەنگی [هـ] بە چەشنێکە، کە کەم و زۆر لە هێندێك وشەدا دەتوانرێت گۆنەکرێت، و نەشبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە. هەر بۆ نموونە وشەکانی شاهەنگ، شاتوو، شامیر،...هتد. بێگومان ئەو وشانە لێکدراون، هەریەکەشیان لە دوو مۆرفێمی سەرە، یاخود دوو وشە پێکهاتوون، کە لە هەرسێکیاندا وشەی (شاهـ) بوونی هەیە، کە دەنگی کۆتایی وشە ڕەسەنەکە، کە [هـ]یە، گۆنەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا واتای وشەکە نەگۆڕراوە.(٧)

---

٧- سەبارەت بە کەوتنی دەنگ نەگۆڕینی واتا، بڕوانە: محەمەدئەمین هەورامانی، فۆنەتیکی زمانی کوردی، لا(٤٩). (٩)

جا بۆئەوەی ڕاستیی ئەم بۆچوونە بسەلمێت، ئەوا سەرنجی وشەی (شاهۆ) بدە، کە وشەیەکی کوردیی کۆنە و بە تایبەت بە هۆی پێوەندییەوە بەلایەنی ئایینەوە، کە هێندێك بۆ یارسان و هێندێك بۆ زەردەشتیان و هەیشن بۆ چاکێکی موسڵمانی دەگێڕنەوە، هەر چۆنێك بێت، گرنگ ئەوەیە وشەکە کۆنە. جا ئەگەر سەرنج بدرێت، ئەوا دەبینین لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە، کە یەکەمیان وشەیەکی سەرەیە، کە (شاهـ)ە، دووهەمیان مۆرفێمی (-ۆ) یە، کە نیشانەی نێرینەیە لە زمانی کوردیی دا.

دیارە هۆی تێدانەچوونی [هـ] لێرەدا، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سروشتی زمانی کوردیی لە لایەنی دەنگەوە بەو چەشنەیە، کە لە کەمترین ئاستدا نەبێت، هەرگیز دوو دەنگی بزوێن (Vowel) بە دوای یەکدا نایەن، خۆ ئەگەر لە هێندێك وشەدا کەوتنە دووابیەك، ئەوا دەنگێکی نەبزوێن دەکەوێتە نێوان دوو بزوێنەکەوە. هەر بۆ نموونە وشەکانی: دووان، سێیان، پێیان...هتد، لەو وشانەدا، یەکەمیان لە: (دوو + (و-w) + ان) پێکهاتووە. واتە دوو، کە بە بزوێن کۆتاییهاتووە، هاوکات مۆرفێمی کۆیش، کە (- ان)ە، بە بزوێن دەستپێدەکات، ئەوەش وایکردووە، کە ناوگرێکی فۆنەتیکی بکەوێتە نێوان ئەو دوو مۆرفێمەوە، کە ئەویش [و- w] ە.

وشەی دووهەم، کە (سێیان)ە و لە (سێ) + (- ان) پێکهاتووە، هەر بۆیە هاتنی دوو بزوێن بە دوواییەکدا وایکردووە، کە ناوگرێکی فۆنەتیکی بکەوێتە نێوان ئەو دوو مۆرفێمە، کە ئەویش [ی- y] یە. بەوەش پێکهاتەی(سێیان -Sêyan) هاتووەتە کایەوە، کە ئەمیش لە گۆڤەری سلێمانیی دا بە(سییان -Sîyan) و (سیان-Siyan) گۆدەکرێت، واتە واتی [ێ- ê] دوو چەشن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، یەکەمجار بووە بە [ی-î]، دوواتر [ی-î]یەکە بووە بە بزرۆکە، بەڵام نابێت ڕاستیی پێکهاتە وشەییەکەی ڕەچاونەکرێت، جا ئەگەرچیی هێندێك کەس دەڵێن:

زمانی کوردیی چۆن لە دەم دەردەچێت، وا دەنووسرێت، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی دروست نییە، چونکە لە هێندێك باردا جیاوازیی زۆر دەخاتە نێوان زار و گۆڤەرەکانەوە، هاوکات بە ستانداردبوون گرانتر دەکات. بۆ وشەکانی تریش، هەر بەو چەشنەیە. هەرئەمەشە، کە وایکردووە لە وشەی (شاهۆ)دا، کە لە (شاهـ + ۆ) پێکهاتووە، دەنگی [هـ] لەنێو نەچووە، خۆئەگەر وەك لایەنە فۆنەتیکییەکەی ئێستای وشەی (شاهـ)، کە بە (شا) لە زۆر باردا گۆدەکرێت، گۆبکرایە، ئەوا هاتنی بزوێنی (ا-a)و بزوێنی [ۆ]، کە مۆرفێمی نیشانەی نێرینەیە، بەمە گرانیی گۆکردنەکەی، وایدەکرد ناوگرێکی فۆنەتیکی بێتە نێوانیانەوە. جا هەر ئەمەش وایکردووە لە وشەی (شاهۆ)دا دەنگی [هـ] نەکەوێت و بەپێی پێکهاتە ڕەسەنەکەی وشەکە بمێنێتەوە. دیارە لە زمانەکەماندا نموونەی کەم نین، بەڵام ئەو چەند نموونەیە بۆ کۆتاییهێنان بەو لایەنە دەهێنرێت.

هێندێکجار وشەی کۆتاییهاتوو بەدەنگی [هـ]، دەنگە [هـ] یەکە بە دەنگێکی تر دەگۆڕرێت، ئەوە ئەگەر خودی دەنگە [هـ] یەکە نەخرێتە لاوە. بۆ نموونە وشەی (گوناهـ) لە هێندێك ناوچەدا دەبێت بە (گوناح)، واتە دەنگی [هـ] دەبێت بە [ح] ئەگەرچی ئەم دەنگە بە ڕەسەن دەنگێکی کوردیی نییە، هەر بۆیە زۆربەی ئەو وشانەی دەنگی [ح] لە پێکهاتەیاندا هەیە، بێگانەن و بەتایبەت لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە کوردییەوە، لەوانەش وشەکانی: حەق ، حەج ، موحتاج ، ڕەحم ، تەسبیح ،...هتد. لەو وشانەشدا هێندێکیان دەنگی [ح] تێیاندا بووە بە [هـ]، وەك: (حەق < هەق)، کە ئەم دیاردەیە پێچەوانەی گۆڕرانی [هـ] یە بە [ح]، وەك لەوەی کە لە وشەی (گوناهـ > گوناح)دا بینرا.

پاری دووهەم/ دەنگی [هـ] لە نێوان زار و گۆڤەرەکاندا:

دیاردەیەکی دەنگیی تر لە زمانی کوردیی دا ئەوەیە، کە هێندێك وشە هەن، لە باری چاوگیی دا دەنگی [هـ] یان تێدا گۆدەکرێت و ماوە، کەچیی بۆ داهاتوو لە هێندێك ناوچەدا ئەو دەنگە لە ئارادا نەماوە، هاوکات لە زار و گۆڤەری تردا ماوە و گۆدەکرێت. ئەگەرچی گۆڕانی تر بەسەر باری داهاتووی وشەکەدا هاتووە. بۆ نموونە چاوگی (هاتن) لە گۆڤەری سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بۆ باری داهاتوو دەبێت بە (دێت) یاخود (دێ). هاوکات ئەگەر لە هێندێك گۆڤەری کرمانجیی باکوور بڕوانین، ئەوا بە (تهێت) گۆدەکرێت. واتە گۆڕران لە دەنگی [د] دا، کە نیشانەی داهاتووە روویداوە و بووە بە [ت]. لەم دیاردەیەدا وەك ناوچەی شارەزوور و هێندێك ناوچەی گەرمیانی زاری کرمانجیی ناوەڕاستە، چونکە لەو ناوچانەشدا دەنگی [د] یەکە بۆ [ت] گۆڕراوە و لە بریی (دێت) بە (تێت)و (تێ) گۆدەکرێت. واتە لە دووهەمیاندا نەك هەر [د] گۆڕراوە، بەڵکو جێناوی لکاوی کەسی سێهەمی تاکیش خراوەتە لاوە.

ئەم دیاردەیە لە گۆڤەری سلێمانیدا گۆڕرانی پتری بەسەردا هاتووە و لە بری (دێت)، هێندێکجار نەك هەر دەنگی [د] گۆناکرێت، بەڵکو جێناوەکەش دەخرێتەلاوە و لەبری [د] یەکەش دەنگی [ی] دێتە ئاراوە و لەگەڵ پاشماوەی (دێت)دا، کە تەنیا دەنگی [ێ] یە، وشەکە دەبێت بە (یێ). تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو دواتر کراوە بە (یە)، کە جێگرەوەی(دێت)ە. واتە لەم هەنگاوەدا واتی /ێ-ê/ بووە بە /ە-e/ ئاشکرایە، کە (دێت)یش لە بنەچەدا (دهێت) بووە. بێگومان ئەم بۆچوونە لەبەر ڕۆژئاوایی زارەکانی تری کوردیی و گۆڕرانە دەنگییەکانیاندا هاتووەتە ئاراوە. جا ئەگەر ئێمە لە خەمی زمانەکە و نزیکخستنەوەی زار و گۆڤەرەکاندا بین، ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەم لایەنە پێڕەوبەندانەی زمانەکەمان بکەین، کە گشتین. لەبارەی زمانی ئینگلیزیی و نووسینیانەوە، Sanford دەڵێت: ئەوانەی لە ئینگلیزیی دا لە بواری چاکسازیی لە پێڕەوی پێوانەیی نووسین دا کاردەکەن، لە هەوڵدان رێنووسێك دابنێن، کە پیت وێنەی وات (فۆنێم) بێت.(٨) کەواتە ئێمەی کورد بۆڤەوە بۆ نووسینی خۆمان ڕەچاو نەکەین؟

## - ڕەچاوکردنەوەی دەنگی [هـ] لەپێناوی کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان زار و گۆڤەرەکان:

ئەو کاتەی چاوگی (هاتن) لە گۆڤەری سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بە (دێت)، یان تەنیا بە (دێ) بەکاردەهێنرێت، ئەوا ئەمە گۆڕانکارییەکی فۆنەتیکییە نەك پێڕەوبەند، چونکە پێکهاتە پێڕەوبەندەکەی بریتییە لە (دهێت). جا ئەگەر پسپۆڕانی زمانی کوردیی و دەستگاکانی تایبەتمەند و زانکۆکانمان کار بۆ ستانداردی زمانەکە بکەن، ئەوا دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی پێکهاتە پێڕەوبەندەکەی وشەکانمان بدەن، هەر بەمەش لە نێوان زار وگۆڤەرەکانی زمانەکەماندا نزیکبوونەوە و یەکخستن و بەرتەسککردنەوەی رووبەری جیاوازییەکان، دێتەکایەوە.

کەواتە کاتێك لە گۆڤەری بادینانی زاری کرمانجیی باکوور و لە چەند زارێکی تریشدا ئەو پێکهاتەیە بە (تهێت) گۆبکرێت، ئەگەر (تهێت)ەکە بکرێتەوە بە (دهێت) و هاوکات گۆڤەری سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستیش دەنگی [هـ] ڕەچاو بکاتەوە، هەروەها جێناوەکەش وەلانەنرێت، ئەودەم لە ڕووانگەی ئەم کەرەستە زمانییەوە جیاوازی نێوان ئەو دوو زار و گۆڤەرانە ناهێڵرێت.

---

٨ ترجمة: د. نوزاد أحمد، النظام الصوتي التوليدي، ص (١٣). Sanford. A. Scheme (١٠)-

### - وشە لە نێوان بەکارهێنانی فۆنەتیکی و پێڕەوبەندیدا لە ڕووانگەی دەنگی [هـ]وە:

ئـەوەی مەبەسـتی ئێمەیـە، نووسـینی کوردییـە بـە پلـەی یەکهـەم و زمانـی فەرمیـی نەتەوەکەیـە، دەنـا خەڵکـی کـورد سـەر بـە هـەر زار و گۆڤەرێکـبن، سەربەسـتن بـە چ پێکهاتەیـەك لەنێـو خۆیانـدا بەکاریبهێنـن. دیـارە ئاسـانکاریی فۆنەتیکییانـەی زمـان بەپێـی تیۆرییەکـەی مارتنێتـی فەرەنسـایی، هەمـوو زمانێـك لەگـەڵ پەیدابوونیدا هـۆکاری گۆڕرانی لەگەڵدایـە، چونکـە ئـەو ئارەزووەیـان تێدایـە، کـە ئاسـانبن و ئەرکێکـی زۆر نەخەنـە سـەر قسـەکەر. بێگومـان لـەوەش بەئاگایـن، کـە پێکهاتەیەکـی وەك (یـە)، کـە لـە گۆڤـەری سـلێمانیدا لـە ئارادایـە و جێگـرەوەی ڕسـتە پێڕەوبەندەکـەی (ئـەو دهێـت)ە، بەکۆمەڵێـك گۆڕانـکاری و کـردەی فۆنەتیکـی، بـەوە گەیشـتووە. ئـەوەش لەگـەڵ ئـەو بنەمایـەدا کۆکـە، کـە دەڵێـت: زمـان هەمیشـە لـە هەوڵـی ئەوەدایـە بەکەمتریـن ئـەرك و خێراتریـن کات، زۆرتریـن بیـر بگوازێتـەوە.

هـەروەك زانـراوە، کـە پێـڕەوی زمـان ملکەچـی خوازتـی قسـەکەرە بـۆ دەسـتپێوەگرتن لـە ئەرکـدا، هەروەهـا بـۆ ئاسـانکاری. واتـە پێـڕەوی زمـان لـە بـەردەم دوو گوشـاردایە، یەکهـەم گوشـاری گوێگـر بـۆ زانیـن و جیاکردنـەوە، دووهـەم لـە لایـەن قسـەکەرەوە بـۆ کەمتریـن ئـەرك لـە وتنـدا، کـە ئەمەیـان کارلێـك لـە نێوان دەنگەکانـدا لـە وتنـدا دەهێنێتـە کایـەوە،(٩) بـەڵام ئـەم لایەنـە بـۆ سـتاندارد و هەروەهـا بـۆ فێرکردنـی منداڵـی کـورد و خەڵکـی بێگانـەش، زۆر گراندەبێـت. واتـە کاتێـك بـە بێگانەیـەك دەڵێیـت چاوگەکـە (هاتـن) ە، کەچـی بـۆ داهاتـوو (یـە) ی پێبڵێیـت، بـە دڵنیاییـەوە بـۆی ئاسـان نابێـت و لـە لای ئاڵـۆز دەبێـت.

بۆیـە هـەروەک محەمـەد مەعـروف فەتـاح، دەڵێـت: ((...نەبوونـی ڕێـز بۆتـە هـۆی گەشـەنەکردن و بڵانەبوونـەوە و نەچەسـپاندنی ڕێنووسـی کـوردی، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەد سـاڵ زیاتـرە سـەدەها هـەوڵ و تەقـەلا دەدرێـت و دەهـا لێکۆڵینـەوە و بـاوەڕی چـاک دەربـارەی ڕێنووسـی کـوردی دەخرێنـە بەرچـاو، ئەگـەر خەڵکـی ڕێـزی بـۆ وشـە و ڕێنووسـی کـوردی هەبووایـە، ئەگـەر هەڵەیەکـی ڕێنووسـی بـە گوناهێـک دابنایـە، ئەوسـا لـە هەنـدێ کەموکورتیـی چـاوی نەئەپۆشـی و هەوڵـی دەدا پەیـڕەوی یەکێـک لـەو ڕێبـازە ڕێنووسـیانە بـکا، کـە لـە بەردەسـتان و دووای بیـروڕا و زەوقـی خـۆی نەدەکـەوت....)).(١٠)

لەلایەنـی وشەسازییشـەوە، ئامـرازی (وو-û)ی خستنەسـەر، کـە بەهەڵـە بـە پیتـی بزوێنـی (و-u)ی کـورت دەنووسرێـت، ئەمـەش لـە چەنـد لایەنێکـەوە دروسـت نییـە. یەکهـەم: ئـەم کەرەسـتە زمانییـە لـە پۆلـی کۆمەڵـەی وشـەی ناتـەواوە، بۆیـە دەبێـت لەکاتـی نووسـینیدا مـەودا بخرێتـە نێـوان وشـەی پێـش و پاشـییەوە، کەچـی هێندێـك کـەس پێیانوایـە کـە دەبێـت بـە وشـەی پێـش خۆیـەوە بلکێنرێـت. دیـارە پاسـاوەکەیان ئەوەیـە، کـە لەکاتـی درکاندنـدا، لـە کردەیەکـی فۆنۆتاکتیکیـدا لەگـەڵ بڕگـەی کۆتایـی وشـەی پێـش خۆیـدا دێـت. بێگومـان ئـەم هاتنـەش بابەتێکـی فۆنەتیکییـە و کێشـە نییـە، بـەڵام کێشـە ئەوەیـە، کـە پێگـەی کەرەسـتە زمانییەکـە لـە نووسـیندا ڕەچـاو نەکرێـت. هێندێکجـار بـۆ ئـەو وشـانەی پێـش خـۆی، کـە بـە دەنگـی بزوێنـی [و-u] یاخـود [وو-û] کۆتاییهاتبێت، ئەو کاتـە دووچەنـگ (Diphthong) دێتـە ئـاراوە،(١١) (١٢) یاخـود دەنگێکیـان تێـدا دەچێـت، لەوبارەشـدا دەشـێت واتـای وتراوەکـە بگۆڕرێـت. بـۆ نموونـە لەم دەستەواژانە بڕوانە:

٩ (١١)- بسام بركة، علم الاصوات العام، بيروت،، ص (٩٦).

١٠ (١٢)- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، لا (٦٦-٦٧).

١١ (١٣)- غازی فاتیح وەیس، پێیوایە لە زمانی کوردیدا، دیفتۆنگ نییە، لەوبارەیەوە، بڕوانە:
غازی فاتیح وەیس، فۆنەتیک، لا (٦٦).

١٢ (١٤)- پرۆفیسۆر دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، پێیوایە، کە سێ دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەن، بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، لا (٣٤).

کوندەپەپوو و مار

خوو و خدە

دوو و سێ

جوو و زمان

توو و گوێز

زوو و درەنگ

زەروو و کەڵەشاخ

جا ئەگەر لەم دەستەواژانە وردببینەوە، ئەوا دەبینین لە هێندێکیاندا بەهۆی بە دووابیەکداهاتنی ئەو ئامرازی خستنەسەرە لەگەڵ بزوێنی وشە یاخود برگەی پێش خۆیدا، وادەکات، کە رەچاوەکردنی مەودا و پێگەی ئامرازەکە، وابکەوێتەوە دووچەنگە ساز ببێت، یاخود ئامرازەکە، کە لە ئێستادا بە زۆری تەنیا بە (وو-û) لە ئارادایە، تێدابچێت. بەوەش پێکهاتەکان بەم شێوەیەیان لێدێت:

کوندەپەپوو مار

خوو خدە

سوتوو خۆڵەمێش

دوو سێ

جوو زمان

توو گوێز

زەروو کەڵەشاخ

لەمەش هەڵەتر ئەوەیە، کە لە ئێستادا شەپۆلی فەرامۆشکردنی خودی پیتی درێژی (وو-û) لای زۆرێك لە قەڵەمبەدەستانی کورد، وادەکات، کە دەربڕاوەکان ببن بە:

کوندەپەپو مار

خو خدە

دو سێ

سوتو خۆڵەمێش

مو پوش

جو زمان

تو گوێز

زەرو کەڵەشاخ

بەمەش هێندەیتر لایەنی واتایی دەربڕاوەکان تێکدەچن، کە دیارە هۆکەشی بۆ رەچاوەکردنی سرووشتی واتەکانە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە، رەچاوەکردنی پێگە و مەودای نێوان ئامرازی خستنەسەرەکە لەگەڵ وشەکانی پێش خۆیاندا، دەگەڕێتەوە. بەوەش ئاوازە تێکدەچێت. جا هەروەك (س. ی. ئەباکۆمۆڤ) دەڵێت: ((ئاوازە کە یاریدەی پیشاندانی پێوەندیی رێزمانیی نێوان رستە و پارچەکانی دەدات و واتای دەقەکە دەردەخات)).(١٣)

١٣ پ. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ١٩٨٦، لا (١٤٥).         -(١٥)

کەواتـە تێکچوونـی ئـاواز، واتـای وتراوەکـە تێکـدەدات. دیـارە ئەمـەش گرفتـی ئـەم ئامـرازە نییـە بـە تەنیا لەگەڵ وشـەی کۆتاییهاتـوو بـە پیتـە بزوێنـی (وو-û)، بەڵکـو لەگـەڵ ئـەو وشانەشـدا، کـە بـە پیتـی نەبزوێنـی (و-w) کۆتاییانهاتـووە، هـەر هەڵـە دروسـتدەکات، ئەگـەر مـەودا و پێگـەی ئامرازەکـە رەچاونەکرێـت. بـۆ نموونـە لـەم دەربڕاوانـە بڕوانـە:

ئاو و خاك

داو و تەپکە

چاو و روو

خاو و خلیچك

جـا کاتێـك مـەودا لـە نێـوان ئامرازەکـە و وشـەکانی پـاش و پێشـیدا نەبێـت، ئەوکاتـە لەبەرئـەوەی وێنـەی پیتـە نەبزوێنەکـەی کۆتایـی وشـەکان، لەگـەڵ ئامرازەکـەدا هەریـەك وێنـەن، ئەگەرچـی ئامرازەکـە لـە بنەچـەدا وەك پێشـتر لێیدووایـن (وو-û)ە، بـەڵام لـەبـەرئـەوەی هــەر بـەو پیتـە لـە ئێسـتادا بەرجەسـتە دەکرێـت، کـە بـۆ بزوێنـی کورتـی (و-u) دانـراوە، هـاوکات وێنـەی پیتـە نەبزوێنەکـەی وێ (و- w)یـش هـەر بـە (و)ە، ئەمـە وادەکات پێکهاتـەکان بـەم جۆرەیـان لێبێـت:

ئاو خاك

داو تەپکە

چاو روو

کە بێگومان هەڵەن.

جـا ئـەوەی لـەم باسـەدا بـە پلـەی یەکـەم مەبەسـتی ئێمەیـە، پێکهاتـەی ئامرازەکەیـە، کـە تائێسـتاش لـە هێندێـك ناوچـەی کوردسـتاندا، بـە (ئـوو) گۆدەکرێـت، هـاوکات ئێسـت دەخرێتـە دوای وشـەی پێـش (ئوو)ەکـە و وشـەی دوواتریشــی، وەك:

نەوزاد ئو ئازاد.

ئـەم دەربـڕراوە لـە ناوچـەی سـلێمانی و لـە گۆڤەرەکـەدا، ئەگـەر ئێسـت خرایـە نێوانیانـەوە، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ دەنگـی [وو-û]، کـە ئامرازەکەیـە، بـەدووای نەبزوێنـی بڕگـەی کۆتایـی وشـەی پێـش خۆیـەوە دەلکێـت. خـۆ ئەگـەر ئـەو بڕگەیـە بـە بزوێـن کۆتاییهاتبـوو، ئـەوا دوو شـیمانە لـە ئـارادا دەبێـت، یەکـەم: دروسـتبوونی دووچەنگـە (Diphthong)یـە. دووهـەم: لەنێوچوونـی بزوێنـی دوابڕگـە و مانـەوەی تەنیـا [وو-û] وەکەیـە، بـەڵام بـە لـکاوی بـە نەبزوێنـی پێـش خۆیـەوە. دیـارە ئـەوەش لـە کردەیەکـی فۆنۆتاکتیکیـدا دەبێـت. واتـە ئەگـەر رسـتەکەی پێشـوو نموونەکەمانبێـت، ئـەودەم لـە لایەنـی فۆنۆتاکتیکییـەوە، رسـتەکە بـەم چەشـنەی خـوارەوەی لێدێـت:

- نەو – زا – دوو – ئازاد.

دیـارە ئـەم چەشـنە گۆکردنـە لـە ئێسـتای گۆڤـەری سـلێمانیدا لـە ئارادایـە. خـۆ ئەگـەر ئـەو ئێسـتە لـە ئـارادا نەبێـت، ئـەودەم لەبریـی (ئـوو) دەنگـی [وێ-w]ی نەبزوێـن دەخرێتـە پێـش بزوێنـی [ە-e]وە، بەمـەش دەربـڕراوی (وە) دەبێتـە جێگـرەوەی (ئـوو)، وەك:

- نەوزاد وە ئازاد.

لەمەدا زۆرکەس پێیانوایە ئەم دەربڕاوە، بە کاریگەریی زمانی عەرەبی هاتووەتە زمانی کوردییەوە و لە گۆڤەری سلێمانیدا، دەق وەك ئامرازە عەرەبییەکە بەکاردەبرێت.

لەلایەنی وشەسازییشەوە، ئامرازی خستنەسەری (ئوو) لە دەربڕینێکی وەك: (ئازاد و نەوزاد)دا، ئەو (ئوو)وە، کە تەنیا بە پیتی (و-u) دەنووسرێت، ڕاستییەکەی بزوێنێکی درێژە نەك کورت. هاوکات دەکرێت بڵێین لە بنەچەدا واتی /ھ/ گۆڕراوە بۆ (هەمزە – Glottal stop). هەر ئەمەشە وایکردووە تائێستاش هێندێك ناوچەی کوردستان بە (ئوو) بیدرکێنن، وەك: (ئازاد ئو نەوزاد)، ئەو هەمزەیەش گۆنەکراوە و تەنیا بزوێنەکە ماوەتەوە، وەك ئەوەی ئێستا لە سلێمانی و دەوروبەریدا بەکاردێت و لە زۆر باریشدا لە نووسیندا بەهەڵە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنن. دیارە ئەوەش هەڵەیەکی ترە، چونکە ئەو (ئو)ە یاخود (و)ە، خۆی لە پۆلی وشەی ناتەواوە و دەبێت مەودا لە نێوان خۆی و وشەی پێش و پاشیدا هەبێت. دروست هەروەکچۆن لە ئینگلیزیدا بە (and) لەئارادایە و هەرگیزیش بە پێش و پاشی وشەی ترەوە نالکێنرێت. ئەو ئامرازە کاتێك لەگەڵ دوو مۆرفیمی تردا یاخود دوو وشەی سادەدا، وشەیەکی نوێی فەرهەنگی سازبکات، ئەودەم مەودا ناکەوێتە نێوانیانەوە. بۆنموونە وشەکانی: سەرووپێ ، هێلکەووڕۆن ، دەمووچاو ، باوکوودایك ، پاووپووزە ، ...هتد.

ئەو بۆچوونە بۆ (ی)ی خستنەسەریش، لە دەربڕاوێکی وەك: (ئاوی سازگار)دا، هەروایە. واتە پێدەچێت بنەچە بە (هی) بووبێت و دەنگی [هـ] دواتر لە درکاندندا خرابێت و تەنیا (ی) مابێتەوە. واتە (ئاو هی سازگار) بنەچەییە. لێرەدا گرفتێکی تر دێتە ئاراوە، بەتایبەت کاتێك دەنگی پێش ئەم ئامرازەش هەر (ی) بێت، جا چ بزوێن و چ نەبزوێن. واتە چ (ئی-î) یاخود (یێ-y) بێت، چونکە ئەمەش گرفت دروستدەکات، وەك: (کانی سارد)، کە خۆی (کانی ی سارد)ە. درووست تر بڵێین:

(کانی + هی + سارد)ە.

ئەوەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەش دەسەلمێنێت، ئەوەیە، کاتێك پرس لەبارەی دیارخەرەکە دەکرێت، ئەوا پرسا دەڵێت: - هی چۆن؟. بێگومان لە هێندێك ناوچەدا بۆ ئەم پرسەش لەباتی (هی) تەنیا بە (ئی) گۆدەکرێت. واتە دەنگی [هـ] دەگۆڕرێت بە (هەمزە – Glottal stop). پرسەکە دەبێت بە (ئی چۆن؟). جا کاتێك دەنگی [هـ] بکەوێت، ئەودەم فۆنەتیکیانە ئامرازەکە و دەنگی کۆتایی وشەی (کانی)یش دەچنە پاڵیەك، بەوەش دووچەنگە (Diphthong) دێتە کایەوە. واتە دوو بزوێن بەدواییەکدا دێن، کە دەربڕینەکە درێژدەکاتەو. هێندێك کەس لەبریی ئەو درێژکردنەوەیە، یاخود گۆکردنی هەردوو دەنگە لەیەکچووەکە، تەنیا هەریەك [ی] دەدرکێنن هەربۆیە لە نووسینیشدا هەریەك پیت ڕەچاو دەکەن، کە ئەمەش هەڵەیە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە، کە دروست پێش یەك سەدە لەمەوبەر، لە (تێگەیشتنی راستی)دا (ی-î) خستنەسەر، ڕەچاوکراوە. تەنانەت لە گۆڤاری (پەیام)یشدا، (٦٧) ساڵ لەمەوبەر ئاماژەی بۆکراوە، کەچی کۆڕی زانیاریی کورد لە حەفتاکانی سەدەی پێشوودا و کۆمەڵێك ئاکادیمیی پسپۆڕی زمانیش تائێستاش پێیانوایە، کە

بـە پێـش وشـەی پێـش ئامرازەکـەوە بنووسـێت. نـەك هـەر ئـەوەش، بەڵکـو دەڵێـن ئەگـەر وشـەی پێـش ئامرازەکـە، دووادەنگـی بریتیبـوو لـە دەنگـی (ی) ئـەوا ئامـرازی خستنەسـەرەکە وەلابنرێـت و نەنووسرێـت .

بەوپێیـەش بێـت ئـەوا لـە نموونەکـەی پێشـووماندا دەبێـت تەنیـا (کانـی سـارد) لـە خوێندنـەوەدا گۆدەکرێـت، کـە هەڵەیەکـی زمانیـی ئاشـکرایە، دەبێـت ئـەوەش بزانیـن، کـە دەنگـە بزوێنـەکان بـە سروشـتی خۆیـان دەشـێن درێـژ بکرێنـەوە و کورتیـش بکرێنـەوە، هـاوکات هێـزو ئـاوازەش هـەر لەسـەر بزوێـن (Vowel)ەکان دەبن، پتر لـە نەبزوێنەکان هەسـتیانپێدەکرێت و کرۆکـی بڕگـەش پێکدەهێنـن. ئەمـە وادەکات، کـە ئەگـەر سـەرپێییانە لـەم خەسـڵەتانەی بزوێـن بڕوانیـن، بکەوینـە هەڵـەوە و پێـڕەو بشـێوێنین. تەنانـەت ئەوڕەحمانـی حاجـی مارفیـش، کـە دەرکـی بـە پێویسـتیی نووسـینی ئامـرازی خستنەسـەرەکە کـردووە، کەچـی دەڵێـت لەبەرئـەوەی نیشـانەیە، نـەك وشـەی ناتـەواو (Syntactic Word)، بۆیـە دەبێـت بـە کۆتایـی وشـەی پێـش خۆیـەوە بنووسـێت، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە کـە ئـەم ئامـرازەش سـەر بـە وشـەی ناتـەواوە و لـە بنەچەشـدا (هی)یـە، بۆیـە دەبێـت بەجیـا بنووسرێـت و لەگـەڵ (ئـوو)ی خستنەسـەردا لـە نووسـیندا یـەك پێگەیـان هەیـە.

## پاری سێیەم/ واتەکانی زمانی کوردی و لایەنی نووسینیان بە ئەلفوبێی بنەچە ئارامیی:

گومـان لـەوەدا نییـە، کـە ئـەم ئەلفوبێیەی،کـە کـورد و فـارس و کۆمەڵێـك نەتـەوەی تـر لەئێسـتا بەکاریدەهێنـن، لـە بنەچـەدا ئارامییـە و بـە هەڵـە بـە عەرەبیـی ناویدەبرێـت، چونکـە عەرەبیـش لـە ئارامییـەوە وەریگرتـووە و کـەم تـا زۆر بـۆ نووسـینی زمانەکـەی خـۆی سـازاندوویەتی. هەروەکچـۆن کوردیـش بەگوێـرەی دەنگەکانـی زمانەکەی سـازاندوویەتی و هێندێـك پیتـی نوێـمان بەخـاڵ خستنەسـەر، یـان خسـتنەژێر، یاخـود بـە هێـمای شـێوەی ژمـارە حـەوت و هەشـت، یـان ڕاسـتەهێڵی کـورت، یاخـود بـە دووبارەکردنـەوەی پیـت، سـازاندوومانە. هـەروەك لـە پیتەکانـی (پ، ڤ، ژ، گ، وو...تـاد).

ئەگەرچـی تائێسـتاش کەموکوڕیـی هـەر هـەن، بـۆ نموونـە واتێکـی کورتمـان هەیـە، کـە تۆفیـق وەهبیـی بـە (بزرۆکـە) ی ناوینـاوە، ئـەم بزوێنـە تائێسـتاش لـە ئەلفوبێـی کوردیـی بنەچـە ئارامییەکـەدا، پیتـی بـۆ دانەنـراوە. ئێمـە وێنەیەکـمان وەك پیـت بـۆ کێشـاوە، لـە دووتوێـی لێکۆڵینێکیشـدا پێشکێشـکراوە، هـاوکات لـە چەنـدان کۆنفرانـس و سـمیناردا خراوەتـەڕوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی ناوەندێـك نییـە، کـە ئەرێـی پێبـدات و بیسـەپێنێت، بۆیـە هـەروا ئـەو «وات»ە بەبـێ پیـت ماوەتـەوە. جگـە لـەوەش دووبارەکردنـەوەی خـودی پیتێـك لەپێنـاو بەرجەسـتەکردنی یـەك وات (فۆنێـم)دا لـە ئارادایـە، وەك پیتـی (وو-û)، کـە بـۆ بزوێنـی (ئـوو) دانـراوە، وەك لـە وشـەکانی: کـووڕ، ژوور، دوور...هتـد.

جـا ئەگـەر لـە وشـەکانی (کـووڕ) و (کـوڕ) وردببینـەوە، ئـەوا تەنیـا جیاوازییـان بزوێنەکانیانـە، یەکهـەم درێـژە و دووهـەم کورتـە، کـە ئـەو واتـا جیـاوازە دەسـتەبەر دەکات. خـۆ ئەگـەر ئـەو هێمایانـە جیـاواز نەبـن، ئـەوا دەبێتـە مایـەی سـەرلێتێکدان بـۆ خوێنـەر. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبینیـن لـە ئێسـتادا زۆر وشـە هـەن، کـە بزوێنەکانیـان درێـژە، کەچـی لـە نووسـیندا هـەر بـە پیتـە بزوێنـە کورتەکـەی (و-u) دەنووسرێـن.

شـێوە جیـاوازەکان (ئەلۆگرافـەکان) ی پیتی(هــ) لـە سـەرەتا و ناوەڕاسـتی وشـەدا گرفتـی زۆر دروسـتناکەن، ئەگەرچـی وشـە هـەن، کـە لـەم دوو جێگەیەشـدا وەك دەنـگ گـۆڕران بەسـەر دەنگەکـەدا هاتـووە، یاخـود کەوتـووە و دەنگـی هـەمـــزە -( Glottal stop) جێگـەی گرتووەتـەوە، وەك لـە وشـەکانی: هاودامـان > ئاودامـان، هاومـاڵ > ئاومـاڵ،

دەستهاڕ > دەستاڕ، بەهێ > بێ ...تاد. بۆ کۆتایی وشە، گرفتەکە جیاوازە، چونکە ئەگەر وەکو ئەلفوبێ و نووسینی عەرەبی ڕەچاوبکرێت، ئەوا بۆ کوردی لەبارنابێت. هۆی ئەوەش ئەوەیە، کە ئەلفوبێی کوردیی بنەچە ئارامی، لەبریی ئەوەی، کە لە عەرەبیدا بە سەر(فەتحە) هێمای بۆ دانراوە، لە کوردیدا پیتێکی سەربەخۆی هەیە، کە بە هەڵە تەنیا بە بزوێن ناودەبرێت، ئەگەرچی بزوێنە. واتە ئەو پیتەی، کە لە لاتینیی کوردیدا بە (e)دەستنیشانکراوەو لە ئەلفوبێی بنەچە ئارامییەکەدا، تەنیا بە (ە)، کە وەك سکوونێکی عەرەبیی، یان شێوە بازنەیەکی بچووك وێنەکراوە. (١٤)

محەمەد مەعروف فەتاح ، دەڵێت: ((کۆڕ نیشانەی (هـ) ی داناوە بۆ ئەو دەنگەی لە کۆتایی وشەدا کاتێک دەرکەوتبێت و دەیگۆڕێت بە (ە) کە دەنگەکە دەرنەکەوێت، دواتر دەڵێت: بە لای منەوە لە رووی فۆنەتیکەوە دەنگی [هـ] لە کۆتایی وشەدا هەرگیز نایەت، لە وشەکانی وەک: (دە ، بە ،کە ، ....)دا دەنگی [هـ] مان نییە، چونکە هەر ئەو (ە) یەش هەمان پیتە بۆ (ە-e). واتە بڕیارەکەی کۆڕ لەمەدا هەڵەیە، چونکە نابێت تاکە نیشانەیەک بۆ دوو دەنگی جیاواز دانێت، کە یەکێکیان بزوێن و ئەویتریان نەبزوێن)).(١٥)

کەواتە ئەگەر وەك نووسینی عەرەبی مامەڵە لەگەڵ پیتی (هـ)ی کۆتایی وشەدا بکەین، ئەودەم بۆ نووسینی کوردیی هەر ئەو شێوە پیتەی دەبێت، کە بۆ بزوێنی (ە-e) دانراوە. هەربۆیە دەبێت خوێندنەوەشی هەر ئەو خوێندنەوەیە بێت. خۆ ئەگەر وابێت ئەوا بۆ وشەیەکی عەرەبیی سەر بە بواری واتایی زمان و شەریعەی ئیسلامیی، کە هاتووەتە زمانی کوردییەوە، کە وشەی (فِقـة)ە، دەبێت بە نووسینی کوردیی بە(فیقە -Fîqe) بنووسرێت و بیشخوێنرێتەوە، کە ئەوەش واتاکەی لە کوردیدی ا زۆر جیاوازە و دەچێتە بواری واتایی: فیکە، فیتو، فیتفیتە...تاد.

یاخود وشەیەکی وەك: (کۆە-koh) ئەگەر بەم چەشنە بنووسرێت، ئەوا دەبێت بە (koe) بخوێنرێتەوە. واتە وەك ئەوەی کە دوو بزوێن چووبنە پاڵ یەکتریی، کە لە کوردیی دا دوو بزوێن ناچنە سەریەکتریی بەشێوەیەکی دەگمەن نەبێت. هەربۆیە بۆ خوێندنەوەش گران دەبێت. بێگومان ئەوەش هەڵەیە و گرفت بۆ خوێنەر دروستدەکات، بەتایبەت بۆ منداڵ لەکاتی فێرکردنی ئەلفوبێی زمانەکەیدا. تەنانەت بۆ ئەو بێگانانەش کە دەخوازن فێری زمان و نووسینی کوردیی ببن، چونکە کاتێك فێردەکرێت، دەوترێت وات (فۆنێم)ی ئە /e/ لە کوردیی دا پیتی (ە-e) ی بۆدانراوە، هاوکات نەبزوێنی [هـ] یش پیتەکەی بە (هـ) دەستنیشانکراوە. دواتر، کە وشەی (کۆه)و (گوناە) ی نیشانبدرێن، ئەودەم مەگەر بە کارامەییو سەلیقە، دەنا بەدڵنیاییەوە بە (koe) و (Gunae)ەی دەخوێنێتەوە، کە تەنانەت دەربڕینیشی گرانە، چونکە وەك وتمان دوو بزوێن لە کوردیدا بەدووایەکدا هاتنیان دەگمەنە و گرانیی خۆی هەیە.

هەر بۆیە ئەوکاتەی دوو بزوێن بەدووایەکدا بێن، دەنگێکی نەبزوێن فۆنەتیکانە دەچێتە نێوانیانەوە، وەك لە

---

١٤ (١٦)- تاهیر سادق، سەبارەت بە پیتی (هـ) دەڵێت: پیتی هێی سادە، وەک: هاوار، پیتی هێی کز، وەک: (ڕەز). بێگومان ئەمە هەڵەیەکی ئاشکرایە، چونکە ئەوەی ئەو بە پیتی هێی کز ناوی دەبات و وشەی (ڕەز) ی بۆ کردووە بە نموونە ، ئەوە پیتێکە لە ئەلفوبێی بنەچە ئارامییەکەماندا، کە بۆ بزوێن وێنەکراوە، بەڵام دەنگی [هـ] خۆی نەبزوێنە. بڕوانە:

تاهیر سادق ، ڕێنووس – چۆنێتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکوک-١٩٦٩.

١٥ ١٧)- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، لا (٥٢). )

دەربڕراوەکانی: (بوو + ە)، کە بە ئەلفوبێی کوردیی بنەچە لاتینی بە (bûwe) دەبێت بنووسرێت. جا ئەگەر بە ئەلفوبێ بنەچە ئارامییەکە بنووسرێت، ئەوا دەبێت بە (بوووە) بنووسرێت، چونکە بزوێنی (ئوو) خۆی بە دووبارەبوونەوەی پیتی (ئو)، کە بزوێنێکی کورتە، دەنووسرێت. جا ئەگەر نووسین وێنەی ئاخاوتنەکانمان بێت، ئاخاوتن یاخود قسەکانمان دەربڕی بیرەکانمان بێت، هەروەك «پیاژە»ش دەڵێت: زمان ملکەچی بیرە، کەواتە نووسینیش دەبێت ملکەچی ئەو پێڕەوە بێت، کە بۆ هەریەکێك لە ئاستەکان بنەمای تایبەتی دیارییکردووە. هاوکات بزوێنی (ە-e)ش بەدوواییدا دێت، بۆیە ناوگرێکی فۆنەتیکی کە نەبزوێنی / و-w / ە، دەکەوێتە نێوانیانەوە. بەوەش لە نووسینی وشەکەدا دەبێت بە (بوووە - bûwe) بنووسرێت. گومانیش لەوەدا نییە، کە بەدووایەکداهاتنی پیتەکانی (ئوو-û)و (و-w)، کە وەك وێنە یەکەمیان لە دووبارەبوونەوەی پیتی (ئو-u)، کە بزوێنێکی کورتە سازێنراوە، کە ئەوەش بۆخۆی لەگەڵ پیتی (وێ-w)ی نەبزوێن هەر هەمان وێنەیان هەیە. دیارە ئەمەش بۆخۆی کێشەیەکی ترە لە ئەلفوبێی بنەچە ئارامییەکەی ئێستای نووسینی کوردیی دا.

ئەگەرچی ئێمە وەك پێشتر لێی دوواین، لەم بارەیەوە لێکۆڵینمان کردووە، بەڵام ئەگەر دەستگایەك نەبێت رەچاوی پێشنیازەکانمان بکات و بیان سەپێنێت، ئەوا گرفتەکان هەروەك خۆیان دەمێننەوە. پێشتر ئێمە پێشنیازەکان کردووە، کە پیتی (ئوو-û) بەم شێوەیە وێنە بکرێت (لأ) واتە بەبێ دەستلێهەڵگرتن کورتە هێڵێکی لەدامێنەوە پێوە بێت، کە تارادەیەك لە ژمارە (٢) دووی ئینگلیزیی دەچێت. بۆ پیتی (وێ-w)ش بە ( ۆ ) و هەروەها بۆ بزرۆکەش بە (Ψ) وێنە پیتمان پێشنیازکرد، بەڵام رەچاونەکران (١٦).

ئێستاش سەبارەت بە (هـ)ی کۆتایی وشە، پێمانوایە دەبێت بە یەکێك لەم دوو وێنەیە رەچاوبکرێت، یەکهەمیان: (هـ)، دووهەمیان: (ھ). واتە یەکێك لەو دوو وێنەیە بکرێت بە وێنەی پیتی(هـ) ی کۆتایی وشە، واتە ئەلۆگرافی کۆتایی وشە، کە یەکەمیان وەك پیتی (ح، ع، خ...هتد)ی کۆتایی وشە، دووەمیان وەك پیتەکانی (ت، ب، پ...تاد)ی کۆتایی وشە. بەوەش گرفتی بەهەڵە خوێندنەوە، چ بۆ منداڵانی کورد و چ بۆ ئەو بێگانانەش، کە خوازیارن فێری زمان و نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی کوردیی بنەچە ئارامیی بن، نامێنێت. بەوەش کەلێنێکی تری ئەلفوبێی بنەچە ئارامیی کوردیی، ناهێڵرێت.

## ئەنجام

دەنگی [هـ] لە زمانی کوردیدا یەکێکە لە واتەکان، هەر بۆیە لە ئەلفوبێی کوردیدا پیتی تایبەتی بۆ دانراوە.

لە زار و گۆڤەرەکانی کوردیی دا، ئەو وشانەی دەنگی [هـ] لە پێکهاتەیاندا هەیە، بەیەکچەشن نەکەوتوونەتە بەرگۆڕران و وەلانان. ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی.

هێندێکجار دەنگی [هـ] لە وشەی کوردیدا دەکەوێت، بەبێ ئەوەی بووبێتە هۆی گۆڕرانی واتای وشە.

<u>بە گێڕانەوەی دە</u>نگی [هـ] بۆ ئەو وشانەی، کە لە زار و گۆڤەرەکانی کوردیی دا کەوتووە یاخود گۆڕراوە بە

١٦ ١٨)- بڕوانە: پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج، چەند تیژکێک بۆ ئەلفوبێ و ڕێنووسی زمانی کوردی،٢٠١٥ لا (٣٥-٣٦).)

دەنگـی دی و، بـووە بـە هـۆی جیاوازیـی نێـوان زار و گۆڤـەرەکان، ئـەوا بـە گێڕانـەوەی دەنگەکـە بـۆ ئـەو وشـانە، جیاوازییـەکان ناهێڵرێـن، کەواتـە نزیکخسـتنەوەیان بـۆ دەرەخسـێت.

هـێ وەك پیـت، لـە نووسـینی کوردیـی دا، چەنـد ئەلۆگرافێکـی هـەن، کـە سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتاییـن. ئـەوەی بـۆ نووسـینی کوردیـی گرفـت دروسـتدەکات، ئەلۆگرافـی کۆتاییـە لـەو وشـانەدا، کـە پیتـی (هـ) یـان لـە کۆتاییەکەدایـە. هەربۆیـە پێشـنیازمان کـردووە بـۆ چارەسـەرکردنیان، بـە خسـتنەڕووی دوو شـێوەی جیـاواز بـۆ ئـەو ئەلۆگرافـە، تاوەکـو یەکێکیـان رەچاوبکرێـت و گرفتەکـە نەهێڵرێـت.

## ملخص البحث

يتلخـص البحـث في فصـل واحـد، متمثلا في عـدة مباحـث و محـاور، متخـذا مـن ألهـاء كـ»صـوت و صوتيـم و حـرف» في اللغـة و الكتابـة الكورديـة كـمادة لهـذه الدراسـة. بعـد المقدمـة تكلمنـا عـن وجـود أكـثر مـن الفبـاء في الكتابـة الكورديـة، وعـن المـؤشرات التأريخيـة التـي تشـير الـى وجـود الفبـاء خـاص باللغـة الكورديـة قبـل الميـلاد.

ثـم تحدثنـا عـن الهـاء كأحـد الاسـباب التـي تخلـق الاختـلاف بيـن اللهجـات الكورديـة، وذلـك بسـبب حذفـه أو تحولـه الـى صـوت آخـر في بعـض اللهجـات و بقائـه في الاخـرى. وهـذا بطبيعـة الحـال تحـول دون توحيـد أو تقريـب بيـن تلـك اللهجـات، ولكـن عنـد إعـادة الصـوت المذكـور الـى تراكيـب الكلـمات الاصليـة، بهـذا قـد محونـا عامـل الاختـلاف.

و هـذا تكـون بمثابـة خطـوة علـى طريـق ترسـيخ اللغـة الرسـمية أو الفصحـى الكورديـة، أمـا مـن ناحيـة الكتابـة، فحـرف ألهـاء لـه ألوغرافـات مختلفـة في بدايـة و وسـط و نهايـة الكلـمات، مـا يثيـر المشـكلة فهـو ألوغـراف النهايـة، لـذا قمنـا بأقـتراح شـكلين كي يتخـذ أحدهـما كألوغـراف النهايـة و بهـذا نزيـل الإشـكالية عنـد القـراءة.

نختتم البحث ببعض النتائج و قائمة المصادر، و بملخص باللغتين العربية والانكليزية.

Abstract

The research consists of one chapter, represented in several topics and axes, taking from distractions such as "voice, voice and character" in Kurdish language and writing as a material for this study. After the introduction we talked about the existence of more than one alphabet in the Kurdish writing, and the historical indications that indicate the presence of the alphabet in the Kurdish language BC.

Then we talked about distraction as one of the reasons that create the difference between Kurdish dialects, because of the deletion or conversion to another voice in some dialects and survival in the other. This, of course, prevents the unification or approximation of these dialects, but when the mentioned sound is returned to the structures of the original words, the difference factor is eliminated.

This is a step on the road to the establishment of the official language or standard Kurdish, but in terms of writing, a distraction has different Allographs at the beginning and center and the end of the words, which raises the problem is the end Allograph, so we proposed two forms to take one as the end of the end and remove the problem When reading.

We conclude the research with some results and a list of sources, and a summary in Arabic and English.

سەرچاوەکان


١- أحمد بن علي بن وحشية النبطي، شوق المستهام فى معرفه رموز الآقلام ، باب الثامن ، ٢٠٠٨.

٢- ئەکادیمیای کوردی هەولێر، هەوڵۆچکەیەکی تر، بەرەو ڕاستەڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، (ئەم بابەتە بە نووسراوێك ئاڕاستەی چەندان توێژەر کرا، لەپێناوی ئەوەدا، کە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە بنووسن) کوردستان، هەولێر - ٢٠٠٩.

٣- پ. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦.

٤- پ. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-١٩٧٦.

٥- بسام بركة، علم الاصوات العام، بيروت، ١٩٨٨.

٦- تاهیر سادق، ڕێنووس – چۆنێتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکوک-١٩٦٩.

٧- ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»، بەغدا، ١٩١٨ – ١٩١٩.

٨- Sanford. A. Scheme، ترجمة: د.نوزاد احمد، النظام الصوتي التوليدي ، كلية التربية – جامعة صلاح الدين/ أربيل، ٢٠٠٥.

٩- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی ی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٤.

١٠- گۆڤاری زاری کرمانجی، ساڵی سێیەم ، ژمارە (١٨)، ڕەواندز -١٩٢٩.

١١- گۆڤاری»هەتاو»، ساڵی یەکەم، ژمارە (١)، هەولێر– ١٩٥٤.

١٢- محەمەدئەمین هەورامانی، فۆنەتیکی زمانی کوردی، (دار الجاحظ)، بەغدا – ١٩٧٤.

١٣- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، کۆلیجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، (دار الحكمة للطباعة والنشر)، هەولێر - ١٩٩٠.

١٤- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی د.شیروان حسێن خۆشناو و سیروان میرزا قادر، هەولێر – ٢٠١٠.

١٥- پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج، چەند تیژکێك بۆ ئەلفوبێ و ڕێنووس ی زمانی کوردی،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٤)، ساڵی ٢٠١٥.